# بلیارد لە هەولێر زیندوودەکرێتەوە

ڕاپۆرتی: کارزان کانەبی

**یاریـــی بلیارد یەکێکە لە یارییە جیهانیەکان بە تایبەتی لە ئۆلۆمپیادی جیهانی گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێت، هیچی کەمتر نییە لە یاریی تۆپی پێ و گشت یارییەکانی دیکە، مێژووی یاری بلیاردیش لە شاری هەولێر و شارەکانی دیکە بۆسالآنی بیستەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، لە ئێستاشدا هەوادارانی رۆژ بە رۆژ لە زیاد بووندان لەســـەرجەم شارەکانی کوردستان وعێراقدا، لەم ناوەشدا یەکێتیی بلیاردی لقی هەولێر لەگەڵ کردنەوەی بەردەوامی خولەکانی بلیارد هەوڵدەدەن بناغەیەکی باش دروســـت بکەن بۆشـــاری هەولێر جیا لە گشت شارەکانی دیکە، جگە لەم گرنگیدانەش کێشەی نەبوونی هۆڵ بەرۆکی یەکێتییەکە و یاریزانانی گرتووە بۆیە دەیانەوێ لە رێگای یارییەکەوە بلیارد لـــە پایتەخت زیندوو بێتەوە، بەپێچەوانـــەوەش هەوادارێکی زۆریش بۆیاری کردن وئەنجامی باش خولیای ئەم یارییە بوون ئێمەش لە نزیکەوە ئەم ڕاپۆرتەمان ئەنجامداوە.**

جەوهەرپیرە ســـکرتێری یەکێتیی بلیاردی لقی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» لە ئێســـتادا ئاســـتی یاریی بلیارد زۆر باشـــە، چونکە لە ســـاڵانی زووەوە هەولێر پێشـــەنگ بووە دەستی پێکردووە لەســـەرەتای ساڵانی حەفتاکان لـــە قاوەخانەی عەبۆ، کە ئەوکات یاریزانەکان لـــەوێ کۆدەبوونەوە وەکو یاریزانان وەســـتا رەحمان و یونس شـــەمۆ وگەلێـــك یاریزانی بەتوانای دیکەیش هەبوو،گوتیشـــی ئێمە بەردەوام گرنگی بە ئاستی ئەم یارییە دەدەین و ســـاڵانەش دوو پاڵەوانێتی ئەنجام دەدەین بۆ یانەکانی شـــاری هەولێر لە ئاستە جیاوازەکاندا، هەر یەکەیان بە جیا،لە هەولێر رێژەیەکی زۆر لە هەوادارانی ئەم یارییە هەن و خولیای زۆریان هەیە بۆ ئەم وەرزشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا هۆڵێکی داخراومان نییە تایبەت بەخۆمان بێت بۆئەنجامدانی مەشـــق و ڕاهێنانەکانمان، یاریزانەکانمان بـــە زۆری لە هۆڵی گەڕەکەکان یاری دەکەن، ئەویش لە گیرفانی خۆیان بە پارە کە لەسەر یاریزان زۆر ڕاوەدەستێت، داواکاری زۆرمان کردووە بۆدروســـت کردنی هۆڵێك شـــوێن نییە، پێشتر هۆڵیان بۆمان دابین کرد بەس زۆر دوور بوو، لە ئێستادا تەنیا تۆپی پی گرنگی پێ دەدرێت کـــەی ئێمە پاڵەوانێتییەکە دەکەینەوە، ئەگەر بمانەوێت ئاســـتی ئەم یارییە زیاتر بەرەو پێش ببەین دەبێ بودجەیەکی باشـــترمان بۆدابین بکەن و گرنگی زیاترمـــان پێ بدرێت ئێمەش گرنگـــی زیاتر بەم یارییە بدەین، ئێمـــە هەموو هەوڵێکمان ئەوەیە کە یاریی بلیارد لە شاری هەولێر زیندوو بکەینەوە، ئێمە بۆهەموو پاڵەوانێتییەك هۆڵ بە کـــرێ دەگرین، خەڵکی زۆریش هەیە لە هەولێر حەز دەکات وەرزشـــی بلیارد



بـــكات كەچی هۆڵ نییە و زۆربـــەی یانەكان لە دەرەوە هۆڵی تایبـــەت بەخۆیان هەیە بـــەڵام ئێمە لە پایتەخت نیمانە.

محەمەد نزار یاریزانی بلیاردی یانەی ئارارات لە بارەی یاری بلیارد ئەویش پێی وابوو ئاســـتی یاریی بلیارد بە بەراورد لەگەڵ دەرەوەدا گرنگییەكی ئەوتۆی پێ نادرێت، لە ئێستادا مووچەیەكی زۆر كەم دابین كراوە بۆ یاریزانان كە دەگاتە سەد هەزار ئەوەش یەكجار كەمە، تەنیا نرخی یەك دار ٦ســـەد دۆلارە و یاریزانانی شـــاری بەغدازۆر گرنگیان پێ دەدرێت، ئێمە ساڵانە چوار پاڵەوانییەتیمان بۆدەكرێتەوە ئەویش كەمە، ئەگەر بمانەوێ گرنگی زیاتر بێت و یاریزان زیاتر دروســـت بن پێویستمان بەكردنەوەی بەردەوامـــی پاڵەوانێتی هەیە، پێم باشـــە پاڵەوانییەتی بەردەوام بكرێتـــەوە و بۆئەوەی یاریزانەكان زیاتر گرنگی بەتوانای خۆی بدەن، ئێمە هیچ هۆڵێكمان نییە بۆ مەشق كردنمان ئەوەش كێشەیە كە ناتوانین زۆر گرنگی بەخۆمان بدەین و خۆشمان پێش بخەین.

بەهجەت ئیســـماعیل ناوبژیوانـــی نێودەوڵەتیی یاری بلیارد گوتی « لە ئێستادا ئاستی وەرزشی یاریی بلیارد لە چاو ســـاڵانی پێشوو زۆر بەرزترە و باشتریشی دەبینم، یەكێتیی بلیارد تازە دروست كراوەتەوە و گرنگیی باش بە یارییەكە دەدات، ئەگەر بمانەوێ ئاستی ئەم یارییە زۆر باش بێت لە پایتەخت پێویســـتمان بە كردنەوەی هۆڵێكی تایبەتە لەم یارییە لەگەڵ ئەوەی هاوكاری باشی دەوێ بە دابین كردنی مێز و پێداویستیەكانی بلیارد، كێشەكانی ئەم یارییەش تەنیا ئیهمالی یەكێتییەكە وەكو یەكێتیەكانی دیكە نییە ئەویـــش بۆلێژنەی ئۆلۆمپـــی دەگەڕێتەوە، یاریزانی زۆر بەتواناش هەیە لە شاری هەولێر هەموویان لە ئاســـتی هەڵبژاردەی عێراقن و ئێمە هەوڵ دەدەین ئەم یارییە زینـــدوو بكەینەوە بە هاوكاریی لێژنەی ئۆلۆمپی كوردستان.

ســـەعدی قادر ئەمنیداری گشتیی یەكێتیی بلیاردی هەولێرلەم بارەیەوە بە گۆڤاری گوڵانی گوت» ئاســـتی ئەم یارییە تاكو ئێســـتا باش نەبووە، بەڵام لەمڕۆ بەدواوە ئێمە گرنگـــی زیاتریان پێ دەدەین و بـــەردەوام خولیان بۆدەكەینـــەوە كۆمەڵێك گەنجی بەتوانا هاتۆتە پێشـــەوە كە هەمووومان دروست كردوون، گوتیشی: كردنەوەی دوو پاڵەوانێتی لە ساڵێكدا بۆ یاریزانان زۆر كەمە هۆكاریشی بـــۆ كەمیی بودجەكـــە دەگەڕێتـــەوە كەناتوانین خولی بەردەوام بكەینەوە،كێشـــەی ســـەرەكیی ئێمەش نەبوونی هۆڵێكی تایبەتە بەخۆمان بۆ ئەوەی بتوانین مەشـــق و پاڵەوانییەتییەكان لەم شـــوێنەدا ئەنجـــام بدەین و یاریزان هەیـــە باری دارایی باش نییە ناتوانێ هەموو رۆژێك بە پارە یاری بكات، ئەگەربمانەوێ ئەو یارییە پێش بكەوێت دەبێ هۆڵێكمان بۆدابین بكەن لەگەڵ دابین كردنی كەل و پەلی پێویست بە یاری بلیارد.

# ژمارەیەک لەکچ و کوڕانی شەترەنجزانی کورد بەشداریی پاڵەوانێتیی ئاسیا دەکەن لە کۆریا

هەڵبـــژاردەی شـــەترەنجی كـــوڕان و كچانـــی پێشـــكەوتووانی عێراق بەشـــداری پاڵەوانێتیی ئاسیا دەكـــەن لە وڵاتـــی كۆریـــا، كەبڕیـــارە یارییەكانی پاڵەوانێتییەكە لە سیئۆلی پایتەختی كوریاری باشوور لە مانگی حوزەیرانی داهاتـــوو ئەنجام بدرێت، بۆئەم پاڵەوانێتییـــەش ژمارەیەك لە كوڕان و كچانی كوردی یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق كۆنترۆڵ دەكەن بەهۆی لێهاتوویی یاری كردنیان ژمارەیەكی باشیان كۆنترۆڵ كردووە لە هەڵبژاردەكە.لە بارەی پاڵەوانێتییەكەش زافر نەعمانی سەرۆكی یەكێتیی شەترەنجی عێراقی ئەوەی ئاشكرا كرد كە ســـەرەتای مانگی حوزەیرانی داهاتوو پاڵەوانێتییەكە لە وڵاتی كۆریای باشـــوور دەســـت پێدەكات،كە نۆ یاریزانی كوڕ و كچ بەشـــداردەبن لە پاڵەوانیتی ئاســـیادا. یارییەكانیش بە شێوازی سویسری و بەشەش گەڕ بەڕێوەدەچن. گوتیشی: یاریزانانی هەڵبـــژاردەی عێراقیش بریتی دەبن لە هەریەك لە یاریزانان(كاریـــن كەمال و چنار وریا وئیمان ئەلرفێعی ومەها نافع )لە ئاســـتی كچان و (حوســـێن عەلی وزۆزك ســـەلاح وعەلی لەیس وئەحمەد عەبدولســـەتار ونەمیر عەبدولحوســـێن) بەشـــداریی پاڵەوانێتییەكـــە دەكەن لە پێكهاتەی هەڵبژاردەی عێراقیش چـــوار یاریزانـــی كـــورد لە ریزی هەڵبـــژاردەی عێراق دەبینرێن.



# ١٩ یانە بەشداریكردنیان لەچامپیۆنزلیگ مسۆگەركردووە

لەگەڵ نزیكبوونەوەی كۆتایی هاتنی وەرزی ٢٠١٢-٢٠١٣ی خولەكانی تۆپی پێ لەوڵاتانی ئەوروپا پەیتا پەیتا ناوی ئەو یانانە ئاشكرا دەبن كە بەشێوەیەكی راستەوخۆ بەشداری لەخولی یانە پاڵەوانەكانی ئەوروپا دەكەن لە وەرزی ٢٠١٣-٢٠١٤، بەپێی رێنماییەكانی یەكێتیی تۆپی پێی ئەوروپا ٢٢ یانە مافی بەشداریكردنی راستەوخۆیان هەیە و ١٠ یانەی دیكەش لەیارییەكانی پاڵاوتن سەردەكەون، تائێستاش ١٩ یانە بەشداریكردنیان لە چامپیۆنزلیگی داهاتوو مسۆگەر كردووە كەئەم یانەن



١- مانچستەر یونایتد پاڵەوانی خولی ئینگلتەرا

٢- مانچستەر سیتی دووەمی خولی ئینگلتەرا

٣- بەرشلۆنە پاڵەوانی خولی ئیسپانیا

٤- ریال مەدرید دووەمی خولی ئیسپانیا

٥- ئەتلەتیكۆ مەدرید سێیەمی خولی ئیسپانیا

٦- بایەرن میونیخ پاڵەوانی خولی ئەڵمانیا

٧- بروسیا دۆرتمۆند دووەمی خولی ئەڵمانیا

٨- بایەر لیڤەركوزن سێیەمی خولی ئەڵمانیا

٩- یۆڤانتس پاڵەوانی خولی ئیتالیا

١٠- ناپۆلی دووەمی خولی ئیتالیا

١١- پاریس سان جێرمان پاڵەوانی خولی فەرنسا

١٢- مارسیلیا دووەمی خولی فەرنسا

١٣- ئەیاكس ئەمستردام پاڵەوانی خولی هۆڵەندا

١٤- پۆرتۆ پاڵەوان یان دووەمی خولی پورتوگال

١٥- بەنفیكا پاڵەوان یان دووەمی خولی پورتوگال

١٦- شاختار دۆنتسیك پاڵەوانی خولی ئۆكرانیا

١٧- گەلاتە سەرای پاڵەوانی خولی توركیا

١٨- ئۆلۆمپیاكۆس پاڵەوانی خولی یۆنان

١٩- كۆبنهاگن پاڵەوانی خولی دانیمارك

سێ كورسی دیكەش ماوە چارەنووسی بەدیاكەوێت بەم شێوەی خوارەوە :

١- سێیەمی خولی ئینگلتەرا لەنێوان یانەكانی چێلسی و ئەرسنال و تۆتنهام

٢- پاڵەوانی خولی روسیا لە نێوان هەردوو یانەی سیسكا مۆسكۆ و زینیت سان پیترسبێرگ

٣- پاڵەوانی خولی بەلژیكا لە نێوان یانەكانی ئەندەرلەخت و كلۆب برۆج

# ئۆلۆمپیاكۆس بووە پاڵەوانی باسكەی ئەوروپا

یانەی ئۆلۆمپیاكۆسی یۆنانی نازناوی خولی یانەكانی ئەوروپا (یۆرۆلیگ) لەیاریی تۆپی باسكە بەدەست هێنا كە یارییەكانی قۆناغی كۆتایی لە هۆڵی O٢ لەشاری لەندەن ئەنجامدرا، لەیاریی كۆتاییدا یانەی ئۆلۆمپیاكۆس توانی لەیانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بباتەوە بەئەنجامی ١٠٠ خاڵ






# ناوبژیوانانی جامی کیشوەرەکان ئاشکراکران

یەکێتیی تۆپی پێی جیهانی فیفا ناوی ١٠ ناوبژیوانی ئاشکراکرد کەیارییەکانی جامی کیشوەرەکان بەڕێوەدەبن کە یارییەکانی لە رۆژی ٢٠١٣/٦/١٥ لەوڵاتی بەرازیل دەست پێدەکات، لە سەرووی لیستەکەی فیفا ناوی ناوبژیوانی ئینگلیزی هاوارد ویب دێت کە یاریی کۆتایی مۆندیالی ٢٠١٠ی لەنێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئیسپانیا و هۆڵەندا بەڕێوەبرد، هەروەها سێ ناوبژیوانی ئەورووپی دیکە دەســـت نیشانکراون کە بریتین لە ناوبژیوانی هۆڵەندی بیۆرن کۆیپیرز و ناوبژیوانی پورتوگالی پیدرۆ پرۆینکا و ناوبژیوانی ئەڵمانی فیلیکس بریش، هەروەها لە کیشوەری ئاسیاش ناوبژیوانی ئۆزبەکستانی رافشان ئەرماتۆڤ و ناوبژیوانی ژاپۆنی یۆیتشی نیشیمۆرا دەست نیشانکراون، لە ئەفریقیاش ناوبژیوانی جەزائیری جەمال حەیمودی و لەکیشوەری ئەمریکای ناوەراست ناوبژیوانی سەلڤادۆری ئەنتۆنیۆ ئەگویلار و لەکیشوەری ئەمریکای باشووریش هەردوو ناوبژیوانی ئەرژەنتینی دییگۆ هێرنان ئەبال و ناوبژیوانی چیلی ئەنریکی رۆبەرتۆ ئەســیس دەست نیشانکراون . جگە لەم ناوبژیوانانە ٢٠ یاریدەدەری ناوبژیوانیش دەست نیشانکراون، سەرجەم ئەو ناوبژیوانانەش لەژێر سەرپەرشـــتیی ناوبژیوانی پێشووی سویسری ماسیمۆ بۆساکا سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانانی فیفا رێنماییەکان وەردەگرن، بۆســـاکا ئەوەشی روونکردەوە کەئەم ناوبژیوانانە پاڵێوراون بۆ بەڕێوەبردنی یارییەکانی مۆندیالی ٢٠١٤. لەلایەکی دیکەوە فیفا ئەوەشـــی راگەیاند لەیارییەکانی جامی کیشـــوەرەکانی ٢٠١٣ تەکنەلۆژیای هێلی گۆڵ بۆ یەکەمجار بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی هەڵەی ناوبژیوانان کەمبکرێتەوە . یارییەکانی جامی کیشـــوەرەکان لەشـــەش یاریگای بەرازیل بە بەشـــداری هەڵبژاردەکانی بەرازیل و ئیسپانیا و ئیتالیا و ئۆرگوای و ژاپۆن و نایجیریا و مەکسیك و تاهیتی ئەنجام دەدرێت .

# PSG بۆندێکی ریال مەدریدی رەتکردەوە




یانەی پاریس ســـان جێرمان پاڵەوانی خولی فەرنسا بۆندێکی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی رەتکردەوە سەبارەت بەراهێنەری ئیتالی کارلۆ ئەنشـــلۆتی کە دەستەی کارگێڕیی یانەی ریال مەدرید دەیەوێ ئەرکی راهێنانی یانەی شـــاهانە وەربگرێت، راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان ئاماژەیان بە ئەگەری ئەوەی ئەنشلۆتی ببێتە راهێنەری یانەی ریال لەشـــوێنی راهێنەری پورتوگالی جۆزێ مۆرینهۆ کە پێشـــبینی رۆیشتنی بۆ یانەی چێلسی دەکرێت . ناسر خلێفی ســـەرۆکی یانەی پاریس ســـان جێرمان لەلێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی رۆیتەرز گوتی: ریال مەدرید هاتنە لای ئێمە ســـەبارەت بەراهێنەر ئەنشلۆتی و گفتوگۆمان کرد، پێم راگەیاندن کە ئەنشلۆتی بۆندی لەگەڵ ئێمە هەیە و لەوەرزی داهاتوو راهێنەری یانەکەمان دەبێت . هەروەها خلێفی گوتی: ئەنشـــلۆتی کەسێکی زۆر لێهاتووە، من دڵنیام لەوەرزی داهاتوو لەگەڵمان بەردەوام دەبێت .

شـــایانی باسە ئەنشلۆتی توانی لەگەڵ یانەی پاریس سان جێرمان نازناوی خولی فەرەنسا بباتەوە بۆ یەکەمجار لەدوای ساڵی ١٩٩٤ وە .

بەرامبەر بە ٨٨ خاڵ، ئەوە جاری سێیەمە لە مێژوودا یانەی ئۆلۆمپیاکۆس ئەم پاڵەوانەتییە بەدەست دەهێنێت، لەیارییەکەدا یاریزانانی ئۆلۆمپیاکۆس دوای دواکەوتنیان بە جیاوازی ١٧ خاڵ توانیـــان بگەڕێنەوە و لەکۆتاییدا بە جیاوازیی ١٢ خاڵ یارییەکەیان بردەوە، یاریزانی یانەی ئۆلۆمپیاکۆس ڤاســـیلیس سپانۆلیس بەباشترین یاریزانی خولەکە دەست نیشانکرا.

لەلایەکی دیکەوە لەیاریی دیارکردنی پلەی ســـێیەم یانەی سیسکا مۆسکۆی رووســـی بە ئەنجامی ٧٤ خاڵ بەرامبەر بە ٧٣ خاڵ لەیانەی بەرشـــلۆنەی ئیســـپانی بردەوە و پلەی سێیەمی مسۆگەرکرد.









# پاڵەوانێتیی گۆڕەپان ومەیدانی پەروەردە گشتییەکانی هەرێم بەڕێوەچوو

بەچاودێریی وەزیری پەروەردەوبەسەرپەرشتیی بەرێوەبەرایەتیی گشتیی چالاکی وەرزشی و دیدەوانی و هونەر لە وەزارەتی پەروەردەو لەسەر یاریگای پەروەردەی دهۆك پاڵەوانێتیی گۆڕەپان و مەیدانی هەڵبژاردەی پەروەردەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەبەشداری هەریەك لە هەڵبژاردەی پەروەردەکانی (هەولێرودهۆك وکەرکوك و گەرمیان و سلێمانی ) بۆ ماوەی دووڕۆژ بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان لەسەر ئاستی پاڵەوانێتییەکەش حەکیم کانەبی سەرۆکی شاندی هەڵبژاردەی هەولێر بە گۆڤاری گوڵانی گوت: ئاستی پاڵەوانێتییەکە زۆر بەرز بوو لە نێوان هەڵبژاردەی گۆڕەپان ومەیدانی تیپەکانی پەروەردەکان، لە ماوەی دوو رۆژی پاڵەوانێتیەکە یاریزانانی بەشداربوو لە ئاست و یارییەکان زۆر لێك نزیك بوون، سوپاسی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر دەکەین کەبەردەوام ئاگاداری ئێمە بووە لێمانی پرسیوە لەسەر ئەنجامی یارییەکان و، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوەیە.

**ئاستی کوڕان**

١-پەروەردەی دهۆك
٢-پەروەردەی هەولێر
٣-پەروەردەی کەرکوك

**ئاستی کچان**

١-پەروەردەی دهۆك
٢-پەروەردەی هەولێر
٣-پەروەردەی سلێمانی

پاڵەوانی یارییەکانی گۆڕەپان ومەیدان لە هەردوو ئاستی کوڕان وکچان (ئەڤین سەعید) لە هەڵبژاردەی دهۆك بە کۆکردنەوەی ١٨خاڵ وشەهاب خەڵەف لە هەڵبژاردەی کەرکوك بە کۆکردنەوەی ١٦خاڵ.

## یانەی هەندرێن ک

وەکو رێز گرتن لە تواناکانیان و بەمەبەستی زیاتر خزمەت کردنی ئەو کەسانەی کە ماندوون و دەستکەوتی باشیان بەدەستهێناوە لە یانەکەیان و ئێستاش کارەکانیان بە کۆتایی هاتووە لە یانەکەیان، لە رێوڕەسمێکی شایستەدا دەستەی کارگێڕی یانەی هەندرێن رێزی لە هەریەك حاجی نەوزاد جێگری سەرۆکی یانەکە و سەمەد جەوهەر ڕاهێنەری یانەی هەندرێن کە چەندین دەستکەوتی گرنگی لە یانەکە بەدەستهێناوە و ئەمساڵیش بە یەکجاری ماڵئاوایی لە یانەی هەندرێن کرد، کاپتنی پێشوو عەباس حەسەن

## سەرچنار بووە پاڵەوانی لەشجوانیی یانەکانی سلێمانی

بەمەبەستی زیاتر خزمەت کردنی یاریی لەشجوانی و گرنگیدانی زیاتری یاریی لەشجوانی لە شاری سلێمانی و دەوروبەری، بەسەرپەرشتیی لقی سلێمانی یەکێتیی لەشجوانیی عێراق لە هۆڵی رۆشنبیری و بەبەشداریی زیاتر لە هەشتا یاریزانی نۆ یانەی نێو شاری سلێمانی و دەوروبەری، پاڵەوانێتیی لەشجوانیی یانەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەری بەڕێوەچوو، یاریزانانی بەشداربوو لە یانەکان کێبڕکێیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوەی پاڵەوانێتییەکەو گەیشتن بە هەڵبژاردەی سلێمانی لە کێشەکانی ٥٥تاکو +١٠٠کگم، بەمەبەستی بەشداری کردن لەپاڵەوانێتییەکانی داهاتوو لە کوردستان و عێراق، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوەبوو.

١-یانەی سەرچنار ١٣٦خاڵ
٢-رێکخراوی ئازادی لاوان ١٠٦خاڵ
٣- یانەی سلێمانی ٦١خاڵ

لە کۆتایشدا خەڵات ودیاری بەسەر یاریزانان و تیپە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.



## ـــەسە بەتواناكان و ماندوو نەناسەكانی خەڵات كرد

كەركوكـــی كە خزمەتێكی بەرچاوی لـــە یانەكە هەبووە لە پێشتر و وەلید یاســـین كاپتنی ئێستای یانەكە كە ئەمیش واز دەهێنێـــت، خەڵات كران،بـــە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە دەزگاكانـــی ڕاگەیاندن، لەلایەن خۆشـــیەوە حاكم جەمال ســـەرۆكی یانەی هەندرێن گوتی: ئێمە وەكو ڕێزگرتن لەم كەســـانە كە خزمەتێكی زۆری یانەكەیان كردووە پێمان باش بوو كە ئەو جۆرە كەســـانە خەڵات بكەین كە بە یانەكەمان ماندوو بووینەو ڕۆڵی خۆیـــان هەبووە لە یانەی هەندرێن و توانیویانە ئەنجامی باش لەگەڵ یانەكە بەدەست بهێنن.



## ئارارات نازناوی بلیاردی سنۆكەری هەولێری بەدەستهێنا

بەمەبەســـتی زیاتر گرنگیدان بە ئاستی یاریی بلیارد لە شـــاری هەولێرو بەرزكردنەوەی ئاستی یاریزانانی یانەكانی لـــە نێو شـــاری هەولێر،لقـــی یەكێتیی بلیـــاردی هەولێر بەبەشـــداریی هەریەك لە یانەكانـــی (ئارارات-قەڵا-ئەكاد، ئاڵا-بروسك-خەبات-هەولێر-هەندرێن-پێشـــكەوتن-هێرش-شەقڵاوە-جیهان) پاڵەوانێتیی بلیاردی بۆ یانەكانی نێوشاری هەولێرو دەوروبەری ئەنجامدا، بۆ یاریی سنۆكەر ٢٢تۆپی، یارییەكانیش بۆماوەی ســـێ ڕۆژ لە هۆڵی شەوانی هەولێر بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەكەشـــدا یاریزانانی بەشداربوو لە یانەكان توانیان ئاستێكی بەرز پێشكەش بكەن و ڕكابەریی بكەن لەســـەر بەدەســـتهێنانی نازناوی خولەكە،لە بارەی پاڵەوانێتییەكەش جەوهەر پیرە ســـكرتێری یەكێتیـــی بلیـــاردی هەولێر ڕایگەیاند گوتی: ئاســـتی پاڵەوانێتییەكە زۆر بەهێـــز بوو یاریزانانی بەشداربوو كێبڕكێی بەهێزیان دەكرد لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی خولەكە، بەمەبەست لە ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییەش گرنگیدانی زیاترە بەم یارییە و خۆئامادەكردنی یانەكانیشـــە بۆپاڵەوانێتییەكانی داهاتوو، ئەنجامی كۆتاییش بەم شێوەی خوارەوە بوو.یاریزان دانا حوسێن لە یانەی ئارارات توانی لە یاریزان ڕێبوار ئیبراهیم بباتەوە بە ئەنجامی (٤-١)گێم و ببووە پاڵەوانی خولەكە.

١-یانەی ئارارات
٢-یانەی قەڵا
٣-یانەی هەندرێن
٤-یانەی بروسك

